**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٧٥٦٤ لە ٢٠٢٥/٩/٨**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ئاکۆیان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندەكان و گواستنەوەی شوێنیان وئاماژە بە نووسراوەكانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (١٧٥٧) لە ٢٠٢٥/٣/١٩ و (٤١٥٩) لە٢٠٢٥/٦/٢ و (٤٧٨٨) لە ٢٠٢٥/٢/٢ و (٥٤١٤) لە ٢٠٢٥/٨/٦ دوابەدوای نووسراوەكانمان ژمارە (١٢٠٦١) لە ٢٠٢٥/٤/٢٣ و ( ١٨٩١٢) لە ٢٠٢٥/٦/١٧ و (٢١٨٧٦) لە ٢٠٢٥/٧/١٦ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەكەم:** فراوانكردنی حەرەمی گوندی (**ئاكۆیان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی كادستڕۆ بەپێی ماددەی یەكەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنووری قەزای ڕواندز/ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕووبەری (٠٥ ، ١٧ ، ٢٥٢ ) دوو سەد و پەنجاو دوو دۆنم و حەڤدە ئۆلك و پێنج مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی لەسەر كەرتی ژمارە (١/١ سلف) كەرتی (٢٩)ی ئاكۆیان وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**